# ئەنفالی دوێنێو .. ئەنفالی ئەمڕۆ

**عومەر سەیدە**

www.seide.tk




**دیمەنی قەڵای نوگرە سەلمان لە دەرەوە**

ئەنفالی دوێنێ هەموو دەزانین دیکتاتۆرییەت کردی‌و دەستی لە هیچ نەپاراست, پڕۆژەیەکی گشتگیریی وردی بەدەستەوەبوو لەژێر ناوی(ئەنفال)دا بۆ نەهێشتن‌و بنبڕکردنی هەر جوڵەو بزوتنەوەیەك لە باشووری کوردستان, هەر بەو هۆیەشەوە تێکڕای گوندەکانی کوردستان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن, جگە لەڕوخان‌و ماڵوێرانی, گوندنشینەکانیش هەرچی بۆ رژێم کرا لە پێچانەوەی بێسەروشوێن کردنیاندەستی نەپاراست لە ژن‌و منداڵو کچو کوڕی لاو پیرو پەکەوتەکانیش, ئیدی ئەوە ئەنفال بوو, رژێمێك کە تا سەر ئێسك دژ بە مرۆڤایەتی بوو, هەرچی خواو مرۆڤایەتی پێیان ناخۆش بوو, سەدامو دارو دەستەکەی‌و عەرەب پێیان کردین.




**دیمەنی قەڵای نوگرە سەلمان لە ناوەوە**

بەڵام ئێستاو لە پاش 18 ساڵ لەو کارەساتە گەورەیە ئێمە بۆ جاری دووەم خەریکە ئەنفال دەکرێینەوە, ئەنفال لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی نێوبانگێکی هێندە گەورەی بەدەست نەهێناوە, ئەویش بە هۆی کەمتەرخەمیو نەزانی دەسەڵاتدارانی کوردەوە بووە لە ماوەی رابردودا, بەڵام ئێستا جگە لەوەی شۆڤێنیزمی عەرەبی بە تیرۆریستو میلیشیاو سوپا نیزامییەکانیانەوە دژ بە هەموو بەرژەوەندییەکی میللەتی کوردن, سەرکردایەتی سیاسی کوردیو دەسەڵاتی کوردی, وەکو لە ئەمری واقیعدا روونو دیارە, وتاریان ساردە دژ بە قەپاڵی سیاسییانەی عەرەب, کە هەر رۆژەو جۆرێك لە بیانووی نا بەجێ دەهێننەوە بۆ ئەوەی کۆسپو رێگری بکەنە رییێ جێبەجێ کردنی مادەی(140)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق.

ئەوانە هەموو مەسەلەیەکنو گرفتی دەسەڵاتدارێتی کوردی لەگەڵ میللەتو داخوازییەکانی گەلدا مەسەلەیەکی دیکەن, کە بەڕاستی مایەی نیگەرانییە پاش ئەو هەموو ساڵەی دەسەڵاتدارێتی کوردی, هێشتا نەتوانن شتێك لە بنەماکانی دیموکراسییەت هەرس بکەنو رێ بە خۆیان بدەن, کە لە خەڵکی قبوڵ بکەن داواکارییو خواستەکانیان بخەنە بەردەستی حکومەتو فشاری بخەنە سەر بۆ ئەوی بەزووترین کات داواکانیان جێبەجێ بکات, ئەمەو لەنێو ئەو خەڵکانەی کە خۆپیشاندانیان کرد لە ماوەی رابردودا لە کوردستان, بەتایبەت لە گەرمیاندا, پاشماوەی ئەنفالکراوەکانی تیادابوو, دەبوو حکومەت شەرم دابیگرێتو خەجاڵەتی بکێشێ لە پای ئەوەی کە نەیتوانیوە وەکو پێویست ئەرکی سەرشانی بەرامبەر بە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان جێبەجێ بکات, نەك هەستی بەرپرسیارێتیان نەبوو, بەڵکو بە دەستوری جەللادەکانی بەعس کەوتنە وێزەی خەڵکی خۆپیشاندەری بێچارەی کوردستان, لەو پەلامارانەدا بۆ داپۆشینی زوڵمی خۆیان بەرامبەر بە خەڵك رۆژنامەنووسان بەر شەقو دارو قۆناغە تفەنگ کەوتن.




**وێنەی نووسەر لە ناوەڕاستی قەلاَی نوگرە سەلمان لە پشتەوە هەندێك رۆژنامەنووس و پۆلیسی پارێزگای سەماوە**

من دەزانم ئەنفال چی پێکرین‌و دەزانم‌و دەبینم پاشماوەی ئەنفالکراوەکان چۆن بێچارەو بێئومێد بەرامبەر بە دەسەلاَت دەڕواننە ئایندەی نادیاریان, بەلاَم نازانم دەسەلاَتدارێتی کوردستان بە زەردو سەوزەوە بە نیازی چین جگە لەوەی کە ئەنفال ئەو تراژدیا ئینسانیە وەکو کاغەزی سەر مێزی قومارێکی سیاسی بەکار دەبەن, ئایە دەکرێ هەمیشە باسی ئەوە بکەن سیستمی دابەشکردنی سوتەمەنی باش دەکرێت‌و رۆژانەی کارەبا کەم دەکرێتەوەو موچەی فەرمانبەران دوادەکەوێت؟!! دەکرێت ئێمە هەمیشە چاوەڕوانی موفاجەئە ناخۆشەکانی ئەوان بین؟!! من یەك پرسیارێکی بچووك دەکەم: وەکو دەلێن‌و بیستوومە مالی بەرپرسی وا هەیە لە سەرووی 15 ـ 20 سپلیتی تیادایە, ئاخۆ بە چی دەیکەنە ئیش؟!! مەبەستم ئەوەیە ئەو هەموو ئەمپێرو ڤۆلتییەیە لە کوێ دەهێنن؟!! هەر لە محەویلەی ئاسایی گەڕەکەکانەوەیە یان شتی دیکە؟!!.

من کاتێ لەگەل دەستەیەك هاوڕێی دلسۆز بەرامبەر بە کارەساتی ئەنفال لە سالی 2003دا رۆیشتین بۆسەماوەو (نوگرە سەلمان) بۆ بینینی وێستگەی مردنی هەزارەها مرۆڤی کوردو بەسەرکردنەوەی ئەو یادەوەرییانەی بۆ ئەمڕۆیان نووسیبوو, هەموو خۆزەگەکانی ئەوانمان خوێندنەوە کە هیچی ئومێدی رزگار بوون نەبوو, بەلکو هیوای زووتر مردنیان خواستبوو, بۆ ئەوەی زووتر لە دەستی زولم‌و ستەمی بەعسیزم رزگاریان بێت, هاتینەوە کوردستان‌و لە بەیاننامەیەکدا داوامان کرد کە دەسەلاَتی کوردی هەولبدات بۆ ئەوەی شوێنەواری ئەنفال لە فەوتان‌و نەمان بپارێزێت, چونکە بەو یەك دوو مانگەی سەرەتای(پرۆسەی ئازادی عێراق) دزو جەردەو رێگرەکانی عەرەب گەیشتبوونە قەلاَی نوگرە سەلمان‌و ئاسنەکانی ئەو قەلاَ تۆکمەیەیان شکاندو دزیان, بەلاَم نەك هەر وەلاَم نەدارینەوە, بەلکو وابزانم ئەو داواکارییەمان مایەی

پێکەنین بوو, چونکە دواجار ئەوە حیزبە حکومەت دەبات بەڕێوە نەك حکومەت, حکومەت لەو رۆژانەدا هێندە کاڵبووەوە کە زۆرێك لە بەرپرسەکانم دەبینی لەکەرکوکدا جلی مەدەنیان لەبەر دەکردو سەربازە ئەمریکییەکان تورەکەیان دەکردە سەریانەوە, کەچی خۆیان بە هاوپەیمانی ئەمریکا دەزانی, تومەز ئەمریکا بە پێچەوانەوە کوردی لە بەعسییەکان پیّ خەتەرتر بوو.

ئاخر کە عەقڵی سەرکردایەتی کوردی هێندە بە ساویلکەیی مامەڵەی لەگەڵ تێکڕای گرەوە سیاسیەکاندا کردبێت چۆن باوەڕ بە دڵسۆزییو خەمخۆرییان بهێنم بەرامبەر بە کارەساتی ئەنفالو رۆحی ئەنفالەکان, ئەی ئەوە نیە هێشتا پاکیزەکانی کورد وان لە مەلهاکانی ولآتە عەرەبیەکان؟!! ئەی کوا شەهامەتو پیاوەتی؟!! کوا هەستی نەتەوایەتیو مافی مرۆڤ و مافی ژنو ئەو قسە زلو بێسەرو بەرانەی کە رۆژانە لە کەناڵەکانی راگەیاندنی حیزبەکانەوە بە گوێی خەڵکیدا دەدەنو هەمووی درۆ دەردەچێت.

دواپرسیار ئەوەیە ئاخۆ ئەنفالی دوێنیّو ئەنفالی ئەمڕۆ جیاوازیی چییە؟ هەر ئەوەندەیە کە دەنگی شۆڤڵ نایاتو خانووی هاوڵآتیان ناڕوخێت, ئەویش پەلەی ناوێت ئەگەر ئەمنی قەومی پێویست بکاتو ئاژاوەگێڕی دەم بە داخوازییو گلەیی زۆربێت لە شەقامەکاندا.




**بەردەم دەرگای قەلآی نوگرە سەلمان ـ ئەو دەستەیەی کە رۆیشتین بۆ نوگرە سەلمان, ئەو تابلۆیەشمان هەر لەویّ دروست کرد, کە غازی محەمەدی هونەرمەندە کۆچکردوومان لەگەڵ بوو**

**تێبینی:** من لە کاتی خۆیدا کە رۆیشتم بۆ قەلآی نوگرە سەلمان هیچ وتارو نووسینێکی رۆژنامەوانیم لەسەر نەنووسی, چونکە ئەوەی لەویّ دەبینریّ زۆر جیاوازە لەوەی لێرە لە کوردستان باسی دەکرێت, مرۆڤ

تووشی شۆك دەبێت, كە هاتمەوە تەنها شیعرێكم نووسی, وێنەكانیش زۆرن لەلامو جوان گیراون, بەلاّم كاتیّ ویستم لەگەلّ ئەم وتارە بینێرم بۆ بلاّو كردنەوە, بڕیاری تازەی حكومەت ئەوەیە كە كارەبا كەم بووەتەوە, هەر بۆیە لە سەنتەرێكی كۆمپیوتەر لە بازاڕدا بۆیان سكان كردم ئەویش جوان نەیكردوە.

گەر تەمەن ماوە بدات لە داهاتوودا تەواوی وێنەكان بە شێوەیەكی جوانتر بلاّو دەكەمەوە.